# سیاسەت و بزنس

رزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

سالآنێکی زۆر لەمەوبەر ( بەرتۆڵد برێشت ) ی نووسەر لە شانۆگەری ( دایك ) دا ، وانەیەکی دایە بینەران و خوێنەران سەبارەت بە پەیوەندی نێوان بەرژەوەندی مادی و خۆپەرستی لە لایەك لە لاکەی تریش ئەو باجەی کە دەبێ کۆمەڵ یان تاکە کەسێك بیدات بۆ گەیشتن بو بەرژەوەندیانە . لە شانۆگەری ( دایك ) ، لە کاتی شەڕێکی خەستی دوو لایەندا ، دایکێك لە گەرمەی تۆپباراندا دوو منالی خۆی وەك شاگردی خۆی بە کاردێنێ بۆ جۆرێك لە بازرگانی کە لەو دەمە زەمینەی بۆ رەخسابوو ، لە گەرمەی شەڕەکە دایکەکە کاروان لە سەر کاروان بە عارەبانەیەکی بچووك شت و مەك ئەگوازێتەوە ، لە گەڵ بردنی هەر کاروانێك منالەکانی تا دایکیان دەهاتەوە کاروانێکیتریان بۆ حازر دەکرد ، تا لە دوا کاروانتدا تەنیا تەرمی کوژراوی دوو منالەکەی بۆ بەجێ دەمێنێ . ئەمە بێجگە لەوەی نیشان دانی تەسك بینی و خۆپەرستی ئینسانێکە لە هەمان کاتیشا نیشان دانی تراژیدیایەکە کە زیاتر وەکو باجێك خۆی ئەنوێنێ کە لە رێگای ئەو باجە ئەو بەرژەوەندیە کاتیە دێتە دی . دیارە ئەگەر سەرپێیانە برووانینە ئەم نموونەیە رەنگە سادە بێتە بەر چاو ، بەڵام حیکمەتی ئەم نموونەی سەرەوە کە نزیکەی نیو سەدە لە مەوبەر نووسراوە لەوە دایە کە پەنجەی خستوتە سەر دیاردەیەك کە تا ئیمرۆش لە ئاستی زۆر گەورەو بەر فراوانتر درێژەی هەیە ، خوێنەر لە گەڵ هیچ شتێکا لە گەڵم رازی نەبێ لەگەڵ ئەوە رازیە کە ئیمرۆ چ ئەزمەیەکی ئابوری و بەربینی دونیاو چ نائارامیەکی سیاسی زاڵە بە سەر ئەم سەرو ئەوسەری جیهان ، هەر ئێستا بێجگە لەو شەڕو کوشتارانەی وا لە ئارادایە کەیسی دەیان شەڕی تر حازرەو چاوەرێ ی پەلاپیتکەی دەبنگترین ژەنەڕاڵ و سیاستمەدارن کە هارین دەست پێ بکەن ، بزنس و سیاسەت .. بزنس و شەڕ رۆژ لە دوای زیاتر تێکەلاوی یەکتر دەبن ، لە شوێنێك سیاسەت بەرگی بزنس لە بەردەکا ، لە شوێنێکی تر بزنس بەرگی سیاسەت و شەڕی گەورە لە بەردەکا ، بە کورتی لە سیستەمی ئیمرۆی دونیا ئەم یەکانە ( سیاسەت ، بزنس ، شەڕ ) نەك پەیوەندی راستەخۆیان بە یەکەوە هەیە ، بەڵکو بوونەتە شانۆگەریەکی زینوو کە خۆشی و ترشی بێ ئەبێ کۆمەڵ هەر سێ پەردەکەی ببینێ ، بەڵام قوربانیەکانی ئەم شانۆگەریە لە هەر جوگرافیایەکی دونیا کە دووبارە ببێتەوە تەنیا دوو منالی وەکو شانۆگەریەکەی برێخت نببە ، قوربانییەکانی ئەم بەرژەوەندیانە جەستەی هەزارو دوو هەزار نییە ، بەڵکو درێژەی دەبێ و جارێ روون نیە سەدەی بیست و یەك بە چەند تراژیدیای تر مین رێژ کراوە . پەیوەندی نێوان جموجوڵە فیکریەکان بە رێگای جۆراو جۆر خزمەتی ئامانجێکی سەرخانی کۆمەڵ دەکا ، لەم بارەوە لە پەیوەندی ئەو باسەمان من بە نموونەیەك دەست پێ دەکەم کە راستەوخۆ پەیوەندی بە جموجۆڵێکەوە هەیە لە رواڵەت دا فیکری دێتە بە رچاو بەڵام لە ناوەرۆکدا موجامەلەی هەستێکی دیاری کراوی رای گشتی کۆمەڵ دەکا ، نموونەکەشم کتێبێکی مێژووییە ، لە سەرەتا ی ئەمسالّ لە ئەلّمانیا کتێبێکی مێژوویی دەرچوو کە باسی رووداوەکانی رووخانی بەرلین پایتەخت دەکا لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ، ئەم کتێبە بازارێکی زۆر گەرمی هەبوو ، رەنگە لە باری مێژووییەوە ئەم کتێبە راستی باس نەکراوی تیا بێ و خوێندنەوەیەکی تازەی مێژووی تازەی ئەوسا بێ لە روانگەیەکی ( ئەلّمانیا ) یەوە !

لەم کتێبە ئامارێکی تیایە لە سەر قوربانیانی تۆپبارانی شاری بەلین کە خۆی ئەدا لە ( 650) هەزار قوربانی ، ئیسپاتی ئەوەی کە ئەمە وایە یان وا نیە بابەتی من نیە ، ئەوەی بۆ من جێ سەرنجە ئەوەیە کە ئەژدیهایەکی کوێر پراو پرلە نەعرەتەی ( هەستی نەتەوایەتی و شانازی ئەلّمانی ) چاوەرێ ی دەرفەتێکی مێژووییە تا سەر لە نوێ کۆنترۆڵی شێوەیەك لە شێوەکانی دەسەلات بکاتەوە ، بۆیە لە چاپ دانی کتێبی لەم بابەتە لە گۆشەیەکی خۆیدا بە نەخشە یان بێ نەخشە خزمەت بەم پرۆسەیە دەکا ، ئەمە بەرداشتێکی ئایدۆلۆژیە کە لە بەرامبەر باری قورسی ( هولوکوست ) دا دەیەوێ نە جاتی بێ ، بەوەی کە ئەمیش بە نووسینەوەی ئەم مێژووە ئەویش وەکو ناسیونالیزمی جولەکە ئەفسانەی زوڵمێك بەرهەم دێنێ کە لە میللەتی ئەلّمان کراوە مینرێژی رای گشتی پێ دەکا ، هیتلەر پرۆسەی گەیشتنی بە دەسەلات سەرەتا بە ئیش کردن لە سەر رای گشتی ئەلّمانی دەست پێ کرد ، ئیمرۆ هەمان میسوەدەی کار کاردن لە ئارادایە بەڵام بە ناچار کەسانێك پەیدا دەبن بە کەیسی تازە بەرهەم دەخەنە بازارەوە ، قازانج دەکەن ، خوێنەر پەیدا دەکەن ، بەرزیش دەکرێنەوە ، لە پای چی ؟ چونکە نزیکەی 80 سالە بە هۆی هولوکوست و زوڵم نمایی بزوتنەوەی زایونیستی سووی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەلّمانیا دەکرێ ، بەڵام ئیمرۆ بە هۆی ترزانی هاوکێشە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکان لای بەرامبەریش واتە ناسیونالیزمی ئەلّمانیش سەری بەرز کردۆتەوە ئەویش کەیسی زوڵم و تراژیدیایەك بۆ خۆی دروست دەکا و ئاوێتەی دەیان چالاکی تری فیکری یان سیاسی یان حیزبی ( بۆ نمومنە نازیەکان ) دەکا و دەبن بەو یەکانەی کە لە داهاتوویەکی دوور یا نزیك هتلەرێکی مۆدیل تازە بەرهەم دێنێ کە مەرج نی ئەفسەرێکی سوپا بێ ، بەڵکو زۆر ئاساییە سیفەتە شەخسیەکانی هیچ لەو نەچێ بەڵام هەمان کاراکتەری سیاسی هەمان پەیام بەجێ بگەیەنێ هەروەکو هتلەرە بێسمێڵەکەی سویسرا کە تیرۆر کرا . بە کورتی رای گشتی لەم وولاتە لە بارە بۆ بازار پەیدا کردنی خێراو فرۆشتنی هەر بەرهەمێك کە بە هەمان نەغمە قسە بکا .

ئەم هاوکێشەی سیاسەت = بزنس تەنیا بەوە واز ناهێنێ ، بەڵکو پەلو پۆی درێژ دەکاتە سەر هەموو رەمزو سیمبولێك کە ناسراو بێ یان گرنگیەکی جوگرافی یان سیاسی یان دینی لۆکەلی یان جیهانی هەبێ ، وە نموونەیەك کە من دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم شێواندنی ( گیڤارا ) یە وەکو سیمبولێکی ناسراو تەرخان کردنی ئەم سیمبولەو بە کاار هێنانی بۆ مەبەستی سیاسی کۆنەپەرستانەو یان بە کارهێنانی بۆ مەبەستێکی ئابووری بۆ راکێشانی کڕیاری زیاتر ، چونکە گیڤارا بە پێچەوانەی زۆربەی سیمبولەکانی تری دونیا نمونەی قارەمانێکە کە پێش ئەوەی تەعبیر بێ لە ئینتیمای ئایدۆلۆژی تەعبیرە ( لە یاخی بوون ) ، بەڵام هەموو کەس وا بیر ناکاتەوە ، ئەم سیمبولە قەت بە دەر نەبووە لە نەبووە لە دەست درێژی ئەو کەسانەی کە بۆ بەرژەوەندی ناموٚ بە خەباتی ئەو تەوزیفیان کردووە ، دەست درێژی کۆمپانیای ڤۆدکا (sminof) نمونەی کردارێکی بچووکی بزنسە بەوەی رسمی گیڤارایان لە سەر شوشەی ڤۆدکا چاپ

دەکرد ، کە دواتر لە ڕێگای دادگا ئەم کۆمپانیایە سوو کرا ، ئەمە نمونەیەکی سادەی مامەڵەو سات و سەودای ئابووریە بە سیمبولێك کە بۆ خەڵکانێکی زۆر لە دونیا تا ئێستاش ڕەونەق و ڕێزی خۆی لە دەست نەداوە ، وە نموونەیەکی تر لە بە کارهێنانی ئەم سیمبوولە بۆ بەرژەوەندی سیاسی و مادی ئەوەیە کە من لە کەناڵی جەزیرە بینیومە ، لە وێدا ( جەمال غێتانی ) کە نووسەرێکی میسریە بە دەمی خۆی دەڵێ ( من دژی تیرۆرم ) کەچی لەسەر شەڕی فەندەمەنتالیزمی ئیسلامی و ئەمریکا داوەریەکی فیکری و زۆر کۆنەپەرستانە دەرحەق بە سیمبولی گیڤارا دەکا ، تەنیا و تەنیاش بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی عەرەبی و پاوان کردنی ژمارەی زیاتر لە خوێنەران و بۆ قایل کردنی ئیدارەی ( کەناڵی جەزیرە ) و مسۆگەر کردنی پاداشتی بڵاوبوونەوە ، ئەم نووسەرە لە وتارێکدا کە بۆیان بڵاو کردەوە( ئوسامە بن لادن ) بە ( گیڤارا ) دەشوبهێنێ !! ئەم داوەریە پووچە بە هەر بیانویەك بێ هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە خوێنەرانێك یان بینەرانێکی دونیای عەرەب لە پاڵ دەیان داوەری تری لەم بابەتە مێشکیان ژەهراوی دەکرێ ، بە تایبەتی بە سوود وەرگرتنی فەندەمەنتالیزمی ئیسلامی لەو بۆشاییە ئایدەلۆژییە کە نسکۆی ناسیۆنالیزمی عەرەب لە کۆمەڵگا عەرەبیەکان خوڵقاندوویەتی ، کەناڵی جەزیرەش دەبێتە تەواو کەری ئەم دەست درێژیە و بێجگە لە بڵاو کردنەوەی ووتارەکە ڕەسمێکی ( گیڤارا ) و ( بن لادن ) بە شێوەیەکی تەکنیکی وا بڵاو دەکاتەوە کە وەکو درێژ کراوەی یەکتر خۆ بنوێنن ، لە حاڵێکدا کە بای تاڵە موویەك نزیکایەتی لە بەینی ئەم دوو کەسە نیە ، ئێستاش هەر نوسەرێك بیەوێ لە دونیای عەربدا لە کورت ماوەدا دەوڵەمەندو ناسراو بێ و بەرز بێتەوە بە ئاسانی ئەمەی بۆ ئەچێتە سەر ، زۆر بە ئاسانی دەتوانێ لە بەیروت یا لە قاهیرە کتێب ی پووچ ی لە بابەتی ووتاری ئەم نوسەرە چاپ بکا و نانی چەوری خۆی دابین بکا ، بەڵام ئەم بەرژەوەندیانە راستە نوسەرانێکی قەڵەم فرۆش کەسابەتی پێ دەکەن ، بەڵام ئەم بەرهەمانە دەچنە خزمەتی جبەخانەی کەرستەی ئەو دوا ڕۆژە تاریکانەی کە ئەم چالاکیانە ئاگرەکەی خۆش دەکەن کۆمەڵگایەکی نەخۆش بە فەرهەنگی توند و تیژی بەرهەم دێنێتەوە ، ووشە .. کتێب ..لە سات و مێژووی دیاری کراودا هیچی کەمتر نیە لە تفەنگ و بۆمب .

ئەم شێوازە لە پەیدا کردنی بەرژەوەندی و قازانج پەلی درێژ کردووە تەنانەت بۆ بچوکترین پێوسیستیەکانی ڕۆژانە ، هەمووومان بە خواردنەوەی ( کۆکا کۆلا ) ئاشناین ، بەڵام بازرگانانی ئەم سیستەمە ئەم دەورانەی دوونیا بە دووای هەموو کەرستەیکن کە بتوانن پێشبڕکێ ی یەکتری پێ بکەن ، ئەوەبوو هەندێ سەرمایەداری چاو تەنگ لە بەریتانیا و فەرەنسا جۆرێکی تریان لەهەمان خواردنەوە هێنایە بازارەوە بە ناوی ( قیبلە کۆلا ) و ( مەکە کۆلا ) !! بۆ ئەوەی کڕیارە موسڵمانەکانی بەشێکی ئەورووپاو دونیای موسڵمان نشینی پێ ڕابکێشن ، ئەم جموجۆڵە بازرگانییە وێنەیەکە لەو کردارانەی کە سنوور لە بەینی ئینسانەکان و ئاپارتایدێکی تازە لە سەر سنووربەندی ئاین و نەژاد دروست دەکا ، وە من چالاکی ئەو بازرگانانە جیا ناکەمەوە لەو دەستەواژە بۆچوونانەی هەندێ لە فەیلەسوفەکانی ڕۆژ ئاوا بە ناوی ( جیاوازی فەرهەنگەکان ) و لە دوو لاوە دەرخواردی ئینسانیەتی دەدەن ، ئەمە ئەو ساتە مێژوویەی کە لە تەمەنی ئەم سیستەمە هەر جارەی خۆی بە شێوازێك دووبارە دەکاتەوە ، ئەمە ئەو ساتەیە کە چاوچنۆکی بازرگان و مێشکی خاڵی فەیلەسوف ( نیو لیبرالیزم ) بە یەکتر دەگەن !

نووسەری فەلەستینی ( مەحمود دەروێش ) دەڵێ : - (( دونیا لە سەر شاخی گایەکی هار وەستاوە ، ئەم گا هارەش ئەمریکایە )) منیش لەسەر ئەم قسەیەو لە کۆتایی ئەم نوسینەمدا دەڵێم دونیا بۆتە یەك گۆڕەپانی گەورەی پڕاو پڕ لە نائارامی ، کە ئەمریکا تاقە گای هار نییە لەم گۆڕەپانەدا ، لەم گۆڕەپانە چارەنووسێکی تراژیدیی بۆ ئیمرۆ و دوا رۆژی مرۆڤایەتی وا یاری پێ دەکرێ ، گای هاری ڕەنگاو ڕەنگ لەم گۆڕەپانە تەپ و تۆزیانەو هەر لە بازرگانی چڵێسەوە تا دەگاتە تەماحی نووسەری بێ بازاڕ و ژەنەڕاڵی تینووی شەڕ، هەر هەموو بە یەکەوە تەراتێن دەکەن و وا پێ لە سەر فەرهەنگێکی شایەنی ئینسان و پێ لە خۆشەویستی و لە سەر کتێب دادەنێن ، پرسیار ئەوەیە بۆ دەبێ ئێمە تەنیاو تەنیا بینەر بین ؟ هەر( نا ) یەك کە لە دەم بێتە دەرەوە لە وانەیە ڕق و کینەو نەفرەتێکی کوێر ئامێز خاو بکاتەوە و سووچی باخچەیەك لە خۆشەویستی ئینسان و ژیان بە سەوزی بهێڵێتەوە .

ڤانکۆڤەر 2003/08/15